## پاشکۆ 7

### بەرنامەی گرووپی ماڵی

گرووپی ماڵی لە نزیکەی 10 باوەردار پێك دێت، لەکەمی هەفتەی جارێك کۆ دەبنەوە تاوەکو یەکتر بونیاد بنێن لەباوەڕدا.

1. روخساری گرووپە ماڵییەکان (هاوەڵی ماڵی، گرووپی بچوك).

گرووپێکی ماڵی پێك بهێنە لەگەڵ رەچاوکردنی بارودۆخ. هەندێ لەگرووپە ماڵییەکان ئەم روخسارانەیان بەدەسکەوت هێناوە.

ئـ) هەموو هەفتە 1 جار کۆ ببنەوە.

ب) هەموو هەفتەیێك لەماڵی هەمان کەس کۆ ببنەوە، یان بەنۆرە هەر هەفتەی لەماڵی یەك لەئەندامانی گرووپەکە کۆببنەوە. شوێنێ هەڵبژێرن کە دراوسێکان بێزار نەکەن وسەرنج راکێش نەبن.

پ) ئەگەر ژمارەی ئەندامەکان لە 10 کەس زیاتر بوون، بێن بە دوو بەش، لە دوو شوێنی جیاواز کۆ ببنەوە.

ت) سەرنج راکێش مەبن بەهۆی ستایش و قسە و نزا کردن بەدەنگێکی بەرز. بۆیە پێویستە بەدەنگی نزم قسە و نزا بکەن. بە شێوەیێك ئەو کەسەی کە لەدەرەوەیە گوێ بیستی کەسەکانی ژوورەوە نەبێ.

ج) ئاگاداربن لەوەی کە یەك کەس یان دوو کەس برۆن بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە نەوەك هەمووتان بە یەك جار.

چ) لە نێو خۆتان رێك بکەون جی دەڵێن بەکەسانیتر دەربارەی کۆبوونەوەکانتان.

ح) کەسی نەناس وەرمەگرن بۆ مێوانداری لە کۆبوونەوەکە بەبێ رەزامەندی ئەندامانیتر.

خ) پێویستە رابەری گرووپەکە یاریدەری هەبێ و فێری بکات، تاوەکو بتوانێ ببێت بە رابەری گرووپێکی ماڵی نوێ.

د) رابەری گرووپەکە تاکە کەس پەرتووکی مەشق کردنی هەبێت. بەڵام ئەندامانیتر تەنها تێبینی دەنووسن.

ر) ئامانجی گرووپی ماڵی ئەوەیە کە یەکتر بونیاد بنێن لەباوەڕ، ئەویش رێگادان بە هەموو کەسێك بەشداری بکات.

2. بەرنامەی پێشنیارکراوی گرووپە ماڵییەکان.

ئەم کتێبە مەشقییە پێشنیارێکی تەرخانکراوی هەیە (تەماشای خانەی ناوڕۆکەکانی سەرەتای ئەم کتێبە بکە) هەموو دوو هەفتە جارێك ئەو شتە دووبارە دەبێتەوە. بۆیە، هەفتەکانی (1، 3، 5، 7، 9، 11) وەکو یەك دووبارە دەبێتەوە. هەفتەکانی (2، 4، 6، 8، 10، 12) وەکو یەك دووبارە دەبێتەوە. ماوەی بەرنامەکە تەنها دوو سەعاتە. کاتەکانی هەموو بەشێ لەبەشەکانی ئەم بەرنامەیە نزیکەییە.

**هەفتەی یەکەم**

ئـ) نزا.

ب) پەرستن (20 خولەك).

پ) بەشداری کردنی خەڵوەتی روحی (20 خولەك).

ت) فێرکردن (70 خولەك).

ج) نزا (8 خولەك).

چ) ئەرکی ماڵی (2 خولەك).

ح) خواردنەوە (جای، ساردەمەنی)

**هەفتەی دووەم**

ئـ) نزا.

ب) بەشداری کردنی خەڵوەتی روحی (20 خولەك).

پ) رامان و دەرخ کردن (20 خولەك).

ت) وانەی خوێندنەوەی کتێبی (70 خولەك).

ج) نزا (8 خولەك).

چ) ئەرکی ماڵی (2 خولەك).

ح) خواردنەوە (جای، ساردەمەنی)

### 3. گروپی ماڵی دانا.

ڕەنگە لەهەندێ شوێن خەڵکی دەوروبەر دوژمنداریێتیتان لەگەڵ بکەن. عیسا باوەڕداران ئامۆژگاری دەکات کە زۆر دانابن لە ڕۆژی سەخت. بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کۆمەبنەوە دراوسێ بێزار بکەن. بە دانایی گفتوگۆ بکەن دەربارەی نە وتنی گۆرانی روحی لە کۆبوونەوەکانتان، بەدەنگی بەرز قسە و نزا مەکەن لەکاتی کۆبوونەوەکان. بەڵکو بەدەنگێکی نزم قسە و نزا بکەن. بەشێوەێك ئەگەر کەسێك ڕاوەستا لەپشتی دەرگاکە گوێ بیستی قسەکانتان نەبێ. مەشق بکەن تاوەکو ببن بەگروپێکی دانا.

### 4. گروپە لێ پرسراو.

گروپە ماڵییەکان بەشێکن لەبەشەکانی جەستەی مەسیح!

(1کۆرینسۆس12: 12-28) بخوێنە.

ئـ) ئەگەر گروپە ماڵییەکە بەشێك بۆ لە کڵێسا. بەرنامەی سەرەوە بەکار بهێنە.

ب) ئەگەر گروپەکە بەشێك نەبوو لە کڵێسا ئەم بەرنامەیە بەکاربهێنە و بیر بکەرەوە لەچۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو کارانەی پەیوەندی هەیە بە لەئاوهەڵکێشان، لەتکردنی نان، سەرزەنشت کردن (ئەگەر پێویستی کرد).

پ) پێویستە ئەندامان تەماشای کۆبوونەوە ماڵییەکان بکەن بەچاوی کۆبوونەوە ڕێکخراوەکانی باوەڕداران کە لە (عیبرانییەکان10: 24،25) نوسراوە. تکایە (عیبرانییەکان10: 24-25) بخوێنە.

ت) پێویستە ئەندامان سووربن لەسەر ئامادە بونیان لەهەموو کۆبوونەوەێکی ماڵی.

ج) پێویستە خۆیان ئامادە بکەن بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو لە ڕێگای بەسربردنی کاتێك لە خەڵوەتی روحی هەموو ڕۆژێك لەگەڵ خوداوەند، هەروەها پێویستە تێبینییەکانیان بنووسن دەربارەی خەڵوەتەکە.

چ) پێویستە بەڵێنی ئەوە بدەن کە ئەوەی فێری دەبن بەجێی بهێنن.

ح) پێویستە یارمەتی یەکتر بدەن بۆ گەشە کردن، هەروەها هاندەری یەکبن، بەشداری پێداویستییەکان بکەن لەگەڵ یەکتر، لە پێناو یەکتری نزا بکەن.

خ) پێویستە ئامادەبن بۆ بەشداری کردنی کێشەکانیان، هەروەها باس کردنی پێشکەوتنیان.